سەماحەتی حەکیم جەخت لەسەر سەقامگیری سنجار دەکات و داوا دەکات ئێزیدییەکان بەخواستی خۆیان بە شارەکە بگەڕێنەوە



ڕۆژی دووشەممە 23-1-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە حازم تەحسین بەگ میری ئێزیدییەکان لە عێراق و جیهان و شاندی یاوەری کەوت، لەم دیدارەدا بەڕێزیان سوپاسی شاندەکەی کرد بەبۆنەی پرسەیان بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوسەری شەهید میحراب (بەزەیی خودا بیگرێتەوە) و بەبۆنەی یادی شەهیدبوونی ئایەتۆلای مەزن بەڕێز محەمەد باقر ئەلحەکیم (نەهنی پیرەز بێت) و هیوای خواست پێکهاتەی ئێزیدی بە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکانیان بژین و گوتیشی پێویستە ئەو ئێزیدییانەی بە هۆی خراپی دۆخی ناوچەکە ڕەیشتوون و کۆچیان کردوە بەخواستی خۆیان بە شارەکە بگەڕێنەوە.

سەماحەتی لە کۆتایی دیدارەکە جەختی کرد لەسەر بەردەوام بوونی کار بە سەقامگیری شاری سنجار و دووپاتی کردەوە کە پێکهاتەی ئێزیدی فاکتەرێکی گرنگە بە هاوسەنگی گەلی عێراقی و بەژمارەیان بەراورد ناکرێن بەکو بەدەوڵەمەندی فیکری و ڕۆشنبیرییان بە کەمەڵگای عێراقی بەهایان دەردەکەوێت.